# شیکردنەوەی کاریگەری بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لەسەر بەکاربەری سەوز

پ. ی. د. هەتاو کریم خضر [1]          ولید توفیق ملا [2]

[1] زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سەنتەری توێژینەوەی زانستی
[2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین

**پوختە**

لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بەکاربردنی ئەو بەرهەمانەی کە زیانیان هەیە بۆ مرۆڤ و ژینگە، مرۆڤی دووچاری چەندان نەخۆشی کردووە، قەیرانی ژینگەیی وتەندروستی دروست کردووە، ئامانجی ئەم توێژینەوە دەرخستنی کاریگەری تیۆرەکان و ستراتیژەکانی بەبازارکردنی کۆمەلایەتیە لەسەر بەکاربەری سەوز، برەودان بەو بەرهەمانەی کە زیان بە مرۆڤ وژینگە ناگەیێنن. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە باس لە کاریگەری ئەو تیۆرانە دەکات کە کاردەکەنە سەر بەکاربەری سەوز، فێربوون وچۆنیەتی ئەنجامدانی رەفتار، پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، ئەمەیە، ئایا تیۆرەکانی پەیوەست بە بەبازارکردنی کۆمەلایەتی شیکردنەوەیان کردووە بۆ چۆنیەتی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی بەرهەمی سەوز؟ هەروەها ئایا بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی زیادبوونی بەکارهێنانی بەرهەمی سەوز؟ ئایا کاریگەری ستراتیژەکانی بە بازارکردنی کۆمەلایەتی لەسەر بەکاربەری سەوز چیە؟ ئایا بە بازارکردنی کۆمەلایەتی دەبێتە هۆی برەودان بە بەرهەمی سەوز؟ جگە لە برەو دان وبەرزکردنەوەی ئەو کەل وپەلانەی زیانیان نیە وسودبەخشن بۆ مرۆڤ و ژینگە، گرنگی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی وەکو ڕێگایەک بۆ برەودان بەو بیرۆکە کۆمەلایەتیانەی کە سود و قازانجی کۆمەلگەیان هەیە، بەبازارکردنی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی ئامراز و کۆمەلێك ستراتیژی کاریگەری دروست دەکات لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەلگە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێ ی گەیشتووین؛ بەبازارکردنی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی تیۆرەکان وستراتیژەکانی کاریگەری دروست دەکات لەسەر تاکەکان بۆ ئەنجام دانی ڕەفتارێکی پەسەند لە بەرژەوەندی کۆمەلگە، لە گرنگترین ئەو ڕاسپاردانەی کە دەیخەینە بەردەستی لایەنە بەرپرسەکان و پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بریتییە لە هەڵگرتنی باج لەسەر بەرهەمی سەوز و بایەخدان بەو کۆمپانیایانەی کە گرنگی بە بەرهەمی سەوز دەدەن، هەروەها کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگی بە هەڵمەتەکانی بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بدەن بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەکاربەری سەوز.

**ووشە کلیلەکان: بە بازاڕکردن، بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی، بەکاربەر، بەکاربەری سەوز.**

## پێشەکی

لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو بیرۆکەی بە بازارکردنی کۆمەلایەتی سەریهەلدا،کە چۆن ستراتیژەکانی بە بازارکردن بەکاربهێنرێت بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر لە ڕووی سیاسی وکۆمەلایەتییەوە، هەروەها برەودان بەو بیرۆکە کۆمەلایەتیانەی کە دەبنە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری خەلک لە خویی ناپەسەندەوە بۆ ڕەفتارە ئەرێنیەکان، هەموو ئەو ڕەفتارە ناپەسەندانەی کە بوونیان هەیە زیان بە کۆمەلگە دەگەیێنن، لە ڕێگەی برەودان بە ڕەفتارێکی جوان و پەسەند لە ڕێگەی تەکنیکەکانی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی دەگۆڕدرێن. هەروەها لە ڕووی تەندروستی وژینگەیشەوە ئەم دوو بوارە لە ڕێگەی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی گرنگیان پێدراوە کە چۆن کۆمەلگەیەکی تەندروست و دروست بکرێت و لەڕێگەی ئەو شتومەکانەی کە سود بەخشن وزیان بە کۆمەلگە ناگەیێنن، لەم ڕێگەیەوە برەوی پێبدرێت، دروست کردنی ڕای گشتی و بەژداری پێکردنی خەلک لەو چالاکییە سودبەخشانەی کە لە قازانجی جەماوەر و کۆمەلگەدان، وئەنجام دانی ڕەفتاری دروست، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە هۆی ئەو کێشە و گرفتانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەلگە دەبنەوە لە ڕێگەی بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی هەول

دەدرێت کار لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری خەلک بکرێت و بۆ ئەوەی ڕەفتاری گونجاو پەیڕەو بکەن، لە پڕۆژە خێرخوازی و مرۆڤایەتیەکاندا. یاخود لە بواری ژینگەدۆستی گرنگی بەم ڕێگەیە دەدرێت، لە کوردستانیش کێشەو گرفتی کۆمەلایەتی وژینگەیی وتەندروستی زۆر هەن لەوانە، وەکو بلاوبوونەوەی نەخۆشی کوشندە، پیس بوونی ژینگە بەهۆی بەکاربردنی مرۆڤەوە، قەیرانی تەندروستی و ژینگەیی دروست کردووە، ئەمەیە هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی (شیکردنەوەی کاریگەری بەبازارکردنی کۆمەلایەتی لەسەر بەکاربەری سەوز). هەروەها شیکردنەوەی تیۆرەکان لەگەل ستراتیژەکانی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی کە چۆن کاریگەری دروست دەکەن لەسەر بەکاربەری سەوز؛ ئەو کەسە بەهۆی بەکاربردنیەوە زیان بە مرۆڤ و ژینگە ناگەیێنێت، لەم ڕوانگەیەوە چۆن تاکێک دروست بکەین کە ئەو کەل وپەلانە بەکارنەهێنێت کە زیان بەخشن، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکاردەهێنێت بۆ شیکردنەوەی ئەو تیۆر و ستراتیژیانەی کە ڕووانیویانەتە ئەم بوارە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەبێتە پاشخانێکی تیۆری ومەعریفی بۆ بابەتی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی و چۆنیەتی کاریگەری دروست کردن لەسەر بەکاربەری سەوز.

مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 5 ، العدد 1 ( 2024 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 31 مارس 2024
حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول الیها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە:

1- گرفتی توێژینەوە:

گرفتی ئەم توێژینەوەیە، ئەنجام دانی ڕەفتارگەلێک لەلایەن بەکاربەرانەوە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کۆمەلگە یاخود دەبێتە هۆی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ژینگە و مرۆڤ، کە چەندەها قەیرانی تەندروستی و ژینگەیی دروست دەکات لە جیهاندا، بۆیە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان ئەمەیە ئایا بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی زیادبوونی بەکارهێنانی بەرهەمی سەوز؟ ئەم پرسیارەش چەندین پرسیاری تر لەخۆدەگرێت.

١. ئایا تیۆرەکانی پەیوەست بە بەبازارکردنی کۆمەلایەتی شیکردنەوەیان کردووە بۆ چۆنیەتی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی بەرهەمی سەوز؟

٢.ئایا کاریگەری ستراتیژەکانی بە بازارکردنی کۆمەلایەتی لەسەر بەکاربەری سەوز چیە؟

٣. ئایا بە بازارکردنی کۆمەلایەتی دەبێتە هۆی برەودان بە بەرهەمی سەوز؟

٢- گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە گرنگی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی وەکو ئامراز و ڕێگایەکی نوێ بۆچارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی کۆمەلگە دەبنەوە، کار لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری تاکەکان دەکات بە قازانجی کۆمەلگە. ڕەفتاری ناپەسەندی تاکەکان لە کۆمەلگە لە هەموو بوارەکاندا کە زیان بە کۆمەلگە وخێزان و تاک دەگەیێنێت، لەڕێگەی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی وستراتیژەکانی، هەوڵ بۆ چارەسەرکردن و کارکردن لەسەر بەرزڕاگرتن و برەودان بە ڕەفتارە گونجاوەکان دەدرێت، وەکو گرفتە کۆمەلایەتی و ئابوری و ژینگەیی و سیاسیەکان یاخود ئەو ڕەفتارو دیاردە ناپەسەندانەی کە زیان بە کۆمەلگە دەگەیێنن، لە ڕێگەی ستراتیژەکانی هەوڵ دەدات ڕێگە چارەیەک بدۆزێتەوە بۆ کەمکردنەوەی ئازارە کۆمەلایەتیەکان وچارەسەرکردنی کێشەکانیان .

لەم توێژینەوەییەدا کار لەسەر شیکردنەوەی کاریگەری تیۆرەکانی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی و ستراتیژەکانی دەکەین ،کە سودی هەیە لەڕووی مەعریفی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم بوارە هەروەها لە ڕووی پراکتیکی کارکردن لەسەر برەودان وفێرکردنی تاکەکان کە گرنگی بدەن بە بەرهەمی سەوز، سەرچاوەی پیس بوونی ژینگەی دەوروبەر، بەشێکی زۆری پەیوەندی بە بەکاربردنی مرۆڤەوەهەیە، لە ڕێگەی بەکاربردنی کەل وپەل وبەرهەمی دژە ژینگە زیان بە سروشت و مرۆڤ دەگەیێنێت، یاخود زۆربوونی نەخۆشی کوشندە، بەهۆی بەکاربردنی کەرەستەی نەشیاو بۆ مرۆڤ یاخود ناتەندروست کە زیانی زۆری هەیە.

٣- ئامانجی توێژینەوە:

نەبوونی ئاستی هۆشیاری بەکاربردن و نەبوونی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی بەبازارکردن، مرۆڤ دووچاری کێشەی تەندروستی و کۆمەلایەتی و دەروونی دەکات، ئامانج لەم توێژینەوەیە دیاری کردنی کاریگەری بەبازارکردنی کۆمەلایەتییە لەسەر رەفتاری بەکاربەری سەوز، کە دەبێتە هۆی کارئاسانی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ، کار لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری جەماوەر بکەن، بە مەبەستی سوود گەیاندن بە کۆمەلگە و چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەلایەتی و ژینگەیی و تەندروستیەکان لە گرنگترین ئامانجەکانیش:

١.دیاریکردن و شیکردنەوەی تیۆرەکانی پەیوەست بە بەبازارکردنی کۆمەلایەتی بۆ گۆڕینی ڕەفتاری بەکاربەری سەوز.

٢.دەرخستنی کاریگەری ستراتیژەکانی بەبازارکردنی کۆمەلایەتییە لەسەر بەکاربەری سەوز.

٣. زانینی چۆنیەتی برەودان بە بەرهەمی سەوز لە لایەن بەکاربەری سەوز.

دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە (Research Concept):

١- بە بازاڕکردن (التسويق –Marketing)

چەمکی بە بازارکردن (Marketing) پێکهاتووە لە وشەی لاتینی (Mercatus) کە ئەویش بەمانای بازاڕ دێت، یاخود لە وشەی (Mercari) لاتینی هاتووە ئەویش بەمانای بازار دێت (النسور و محمد، ٢٠١٨: ٢١)

لەڕووی زمانەوانیەوە: بە بازارکردن (التسويق) وەگیراوە لە فرمانی ساق يسوق سوقا لە وشەی رۆیشتن، کڕین شوێنی کڕین وفرۆشتن هەروەها (ت) کە بە تسويق لکێنراوە، بەمانای زێدەڕۆی کردن لەوەسف کردن بەکاردێت، ڕۆشتنە نێو بازاڕ و هەلسەنگاندنی بارودۆخەکە (سفیان، ٢٠١٦ :١٣٥)

لەڕووی زمانەوانیەوە: لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەم شێوەیە چەمکی بە بازارکردن هاتووە کە، بە بازاڕکردن (Marketing) لە وشەی (Market) هاتووە کە ئەویش بریتیە لە چالاکی پێشکەشکردن و پیشاندان و فرۆشتنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا و خزمەتگوزاریەکانە بە باشترین ڕێگا (Hornby & others، ٢٠١٤)

هەروەها بە بازاڕکردن لەڕووی زانستیەوە چەندین پێناسەی بۆ کراوە لەوانە یەکێک لە پێناسەکان کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ بە بازارکردن (marketing American association) بریتیە لە چالاکی و پرۆژەیەکی ئابوری ئاڕاستەکراوە بۆ کەلوپەل وخزمەتگوزارییەکان، لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەر، یاخود کڕیاری پیشەسازی (النسور و محمد، ٢٠١٨: ٢١)

لە لایەکی ترەوە لە فەرهەنگی بە بازاڕکردن بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی بە بازاڕکردن هاتووە بە مانای چالاکیەکی کۆمەلایەتی وسیاسی و ڕۆشنبیری، لەچوارچێوەی دەوڵەتدا، بە ئامانجی بە دەستهێنانی ئامانجەکانی کۆمەلگە بەهۆی گونجان لە نێوان بە بازارخستنی کالا و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشکراوە. بەهۆی بەرهەمهێنراوەکان لە نێوان داواکاری لەسەر کالا وئەو خزمەتگوزاریانەی دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەلگە بە شێوەیەکی گشتی. (العبدلي، ٢٠١٣: ١٨٢)

کەواتە دەتوانین بڵێین بە بازاڕکردن پرۆسەیەکی کۆمەلایەتی و بەڕێوەبردنە کە تاکەکان و ڕێکخراوەکان ئەوەی پێویستیانە بەدەستی دێن یاخود لەڕێگەی دروستکردن و ئالوگۆڕکردنی نرخ لەگەڵ کەسانی تر، بۆیە دەتوانین بڵێین بە بازارکردن وەکو پرۆسەیەک کە کۆمپانیاکان نرخ دادەنێن بۆ کڕیاران هەرەها دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ کڕیار و دووبارە گەڕانەوەی کڕیار Armstrong & (Kotler, 2013: 5)

لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو دەتوانین بگەین بەو پێناسەیەی دەگونجێت لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکە، کە بە بازارکردن بریتیە لەچالاکیەکی ئابوری وکۆمەلایەتی و بەڕێوەبردن ،بەمەبەستی ئالوگۆرکردن و خستنەڕووی ئەو

شتومەکانەی بەرهەمهێنراون، لەگەڵ خزمەتگوزارییەکان لەڕێگەی ئامرازەکانی بە بازاڕکردن، بۆ گەیاندن بە بەکاربەران بەمەبەستی بەکارهێنان و سودمەندبوون لەو کەلوپەل وخزمەتگوزارییانە.

٢- بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی (التسويق الاجتماعي – Social Marketing)

لەڕووی زمانەوانیەوە: بە بازاڕکردن (التسويق) وەگیراوە لە فرمانی ساق يسوق سوقا. لە وشەی ڕۆیشتن کڕین شوێنی کڕین وفرۆشتن هەروەها (ت) کە بە تسويق لکێنراوە، بە مانای زێدەڕۆی کردن لەوەسف کردن بەکاردێت، هەروەها ڕۆیشتنە نێو بازاڕ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەیە. (سفيان، ٢٠١٦ :١٣٥)

بۆ یەکەمین جاریش ئەم چەمکە لە لایەن کۆتلەر و زەلتمان کە پێیان وایە، بریتیە لە دیزاین و بەرنامەی کار و کۆنترۆڵی ئەو بەرنامانەی دروستکراون بۆ کاریگەری دروستکردن، لە سەر پەسەندکردنی بیرۆکە کۆمەڵایەتیەکان، بە لە بەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی وەک پلانی بەرهەم و نرخ و پەیوەندی، دابەشکردن و بە بازاڕکردن. (Ayvaz, 2017: 3)

بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی ڕێگایەکی بەهێزە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری خەڵک لەبەرژەوەندی کۆمەڵگە، بەجێبەجێکردنی ڕێبازی بەبازاڕکردن، لەگەڵ تێکەیشتن و تەکنیکەکانی تر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لە ڕەفتاری دیاریکراودا، کە کۆمەڵگە و ژینگە سودمەند دەبێت، لە ڕووی پراکتیکیەوە پێسپاردنی هەندێکیان بۆ ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی کۆمەڵگە دەبنەوە، لە ڕێگەی گۆڕینی ڕەفتار و ئاراستەکردنی تاکەکانەوە. (حامد، ٢٠١٨: ٣٧)

ڕەیگ لیڤێڤریشیش لە کتێبەکەی خۆییدا بەناونیشانی ( social marketing and social change) دەڵێت بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی بازاڕکردن و تەکنیکەکانیەتی، بۆ چاودێری کردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی یاخود باشترکردنیەتی، نمونەی هەندێ لەو بەکارهێنانانەش پەیوەستە بە کۆمەڵگا زیندووەکانەوە. ( Lefebvre, 2013 :13)

لەلایەکی ترەوە بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی خۆگونجاندن و خۆکردنە خاوەنی چالاکیەکانی بازرگانی و بازاڕیکردن لە دامەزراوە و پرۆسەکان وەکو ڕێگەیەک بۆ قایلکردن و گۆڕینی هەڵسوکەوت لە کۆمەڵێکی بەئامانجگیراو لەسەر بنچینەیەکی کاتی, یاخود هەمیشەیی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی کۆمەڵایەتی. (Stewart, 2015: 22)

لەدەرئەنجامی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو دەتوانین بگەین بەو پێناسەی کە دەگونجێت لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەمان کە بە بازارکردنی کۆمەڵایەتی، خستنەڕوو بەرەوپێدانی بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتیە، لەڕێگەی تەکنیکەکانی بە بازاڕکردن، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن، بە ئامانجی گۆڕینی ڕەفتارێک، وەدروست کردنی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندی و قازانجی کۆمەڵگە.

٣- بەکاربەر (المستهلك – Consumer)

وشەی بەکاربەر (المستهلك) بکەرە بۆ کەسێک یاخود شتێک بەکاردەهێنرێت، وەرگیراوە لە فرمانی (هلك) واتا لە ناوچوون، یان لە ناوی برد یان بەکاریهێنا، وەک پارەی بەکارهێنا یاخود خەرجی کرد وە یان لە ناوی برد نەیهێشت یاخود تەواوی کردو و نەیهێشت (الهلاك)، ماندوو یاخود بەفیڕۆدان، تواناو هێزی خۆی بەفیڕۆدا ، لەو کارەی یاخود توانای بەفیڕۆدا، خودی خۆی ماندوو کرد لەگەڵ شتێکدا. (الفيروزآبادي، ٢٠٠٥ :٩٥٨)

بەو کەسەش دەوترێت بەکاربەر توانای هەیە بۆ کڕینی کەلوپەل و ئەو خزمەتگوزارییانەی نمایشکراون بۆ فرۆشتن، بەو پێیەش دەتوانێت پێویستیەکان و ئارەزووەکانی کەسی و خێزانی کە هەیەتی تێربکات، مەبەست لە پێویستی و پێداویستیەکانی ڕۆژانەیە، هەربۆیە هەموو کەسێک بە بەکاربەر دادەنرێ کە بتوانێت پێداویستیەکان بکڕێت. (النسور و القحطاني، ٢٠١٤: ٣٩-٤٠)

هەروەها بەکاربەر ئەو کەسەیە کە هەڵدەستی بەکڕینی پێداویستیەکان و خزمەتگوزاریەکان بە مەبەستی تێرکردن و پڕکردنەوەی پێداویستی وحەزە کەسی و خێزانیەکانی. (عاشور وعودة، ٢٠٠٦: ٣٥)

بەڵام ئەیمەن علی دەڵێت، بەکاربەر ئەو ئامانجەیە کە هەوڵی بۆ دەدرێ لە لایەن ئەو کەسانەی کە بەرهەم و شتومەک بەرهەم دێنن، وە دەیانخەنەڕوو بۆ فرۆشتن یاخود ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەکرێت ساغ بکرێنەوە بە بەکاربەرەکان، کەواتە بەکاربەر چاوی هەموو ئەو کەسانەی لە سەرە کە لە بواری بازارگەری و فرۆشتن کاردەکەن. (عمر، ٢٠٠٦: ١٥)

لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو دەتوانین بگەین بەوەی بەکاربەر ئەو کەسەیە کەلوپەل و خزمەتگوزاریەکان دەکرێت یاخود دابینی دەکات، لەهەمان کاتدا کەسێکی بەئامانجگیراوە لە لایەن بەرهەمهێنەرەکانەوە بەمەبەستی ساغکردنەوەی کەلوپەل و خزمەتگوزاریەکان ئەویش بۆ پڕکردنەوەی حەز و ئارەزوو پێداویستیەکان.

٤- بەکاربەری سەوز (المستهلك الاخضر – Green Consumer)

بەکاربەری سەوز کۆمەڵێک ڕەفتارە کە تاک پاڵدەنێت بەرەو چالاککردنی بەرهەمەکە، بە تایبەتمەندی ژینگەیی لە کەسانی دیکەوە کە لە کۆمەڵێک گۆڕاوە سەرچاوە دەگرن، لە پێش هەمووشیانەوە ئەو بیرۆکە و بۆچوونانەن کە لەلایەن ئەو تاکانە هەڵگیراون کە پاڵیان دەنێت بەرەو ئەو ڕەفتارە. (کافي، ٢٠١٤: ١٥٢)

بۆیە بەکاربەرێک کە خەمی کێشەکانی ژینگەی هەیە، هەروەها بەکاربەرێک کە پشتگیری لە ژینگە دەکات، هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها بەم شێوەیە پێناسەی دەکرێت. کڕیار یان بەکاربەر هۆشیاریەکی قولی هەیە لە ژینگەدا، کە بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵە دەکات، بە پشتبەستن بەو بەهایانەی کە پێی وایە پالیان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی خۆی لە کڕینی بەرهەمەکانی هەر کۆمپانیایەک بەدوور بگرێت کە ئاڕاستە ژینگەیەکەی جێگەی پرسیار بێت، نەک تەنها بۆ بەکارنەهێنانی ئەو کالایانە کە زیان بە ژینگە دەگەیێنن (هاجر وراضية، ٢٠٢٠: ١٥٨)

هەروەها پێناسەی بەکاربەری سەوز ئەو تاکەی کە خەمی ژینگەی هەیە و پابەندە بەو پرسانەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات ئامادەیە لە بەرهەمێک یان دابینکەرێکەوە بگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی تر تەنانەت ئەگەر بێت و نرخی زیاتریش بدات بەمەبەست بەدەست هێنانی کالای ژینگە دۆستی.

کەواتە بەکاربەری سەوز ئەو کەسانەی کە گرنگیەکی زۆر بە کڕینی ئەو بەرهەمانە دەدەن کە دەتوانرێ لەناو ببرێن، دەتوانرێت دووبارە بەکاربهێنرێنەوە، سەلامەت بن و نیگەران نەبن لە مانەوەی سەرچاوە سروشتیەکان (البكري و الشراونة :٥٨)

لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو دەتوانین بگەینە ئەو پێناسەیەی کە بەکاربەری سەوز بریتیە لەو کەسەی کە ئەوشتانەی یاخود ئەو بەرهەمانەی بەکاری دەهێنێت یان دەیکڕێت لە بازاڕ، زیانیان بۆ تەندروستی مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری نیە یاخود کەمترین زیانی هەیە.

سێیەم: تیۆرییەکانی توێژینەوە: (Research theories)

1- تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Social Learning Theory)

تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتنە بەدوایەکداهاتوویە کە لە زانستی دەروونناسی و پێشەنگەکانی ئەم زانستە بوونی هەیە. وەکو دۆلارد ومیللەر (Dollard. miller) وە باندوراو وولترز (Bandura and Walters) ئەمانە جەخت لە سەر ئاگایی تاک لە گۆڕینی ڕەفتارو هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر بابەتی بوون لە توێژینەوەکانی ڕفتار، زۆر جار بە تیۆری چاودێری ناو دەهێنرێت (observational theory) یاخود بە فێربوونی ئالوگۆڕکردن دادەنرێت (reciprocal learning) باندۆرا بە هەر گرنگرین و کاریگەرترینی زانایانی ئەم تیۆرە دادەنرێت، لە دەرخستن وکاریگەریەکانی تیۆری فێربوون لە لایەنی فێربوونەوە، یاخود زۆر جار بە تیۆری ئەلبێرت باندورا دادەنرێت. (شیخو، ٢٠١٠ :٣٤)

بۆ یەکەم جاریش باندۆراو و ڕوز لە ڕێگەی تاقی کردنەوەیەک لەسالی ١٩٦٩ز ئەنجامیدا کە بریتیبوو لە ئامادەکردنی کۆمەڵێک منداڵ، بۆ سەیرکردنی بەرنامەیەکی کورتی تەلەفزیۆنی، کە وەسفی کەسێک دەکات، توندوتیژانە رەفتار و هەڵسوکەوتی نەشیاو دەکات لەگەڵ بوکەڵەیەکی لاستیکدا، لێدان و زلە لە دەم وچاودان پاشان پارچە پارچەکردن و پەرش و بلاوکردنەوەیان بە ژوورەکەدا. توێژەران منداڵەکانیان گواستەوە بۆ ژورێکی تر بوکەڵەیەکی لاستیکیان پێدان، دەستیان کرد بە ڕەفتاری توندوتیژی و لێدان، هەڵسوکوتی هەڵە، ئەزموونی کەسەکەیان، دووبارەکردەوە. (الظاهر، ٢٠٠٤ :٤٥)

لەژێر کاریگەری ئەم تاقیکردنەوەیەدا باندۆرا بنەمای تیۆریەکەی خۆی دارشت بە ناوی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی یان فێربوون لەرێی تەماشاکردنەوە و، هەروەها گرنگی ئەزموون و بینین، لە دروست کردنی ڕەفتار لە لای مرۆڤدا.

بۆیە ڕوونکردنەوەی تیۆری فێربوون لەسەر چۆنیەتی فێربوونی ڕەفتارێک لە چوارچێوەی حەتمیەتی ئالوگۆڕکردندا، دروست بوونی پەرچەکردار لە نێوان ڕەفتارەکانی چاودێری کراو بونی هۆکارە مەعریفیەکان و ژینگەی دەرەکی، هەروەها کاریگەری پەرچەکرداری چالاک و بونی تاک لە ڕێگەی هاندان ویاخود بەبێ هاندان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕەفتارێکی دیاری کراودا. بەم چەشنە ئەم بیردۆزەی فێربوونی کۆمەلایەتی وەکو بنەمایەک دادەنرێت بۆ بەلگە دامەزراوەکانی تیۆرەکانی فێربوونی تەندروستی و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیەوە. (شمیس، ٢٠١٦ :٢٣٨ )

لێرەدا ئەم تیۆرە وادادەنێت کە هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕەفتارەوە فێری دەبین و دەیبینین، لەرێگەی ئەزموون و کرداری ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکو لە ڕێگەی تەماشاکردن وچاودێری کردنی ڕەفتارەکانی ئەوانی تر پەیدادەبن، کە لە چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتی دروست دەبێت، تاک سەیری کردەوەکانی ئەوانی تر دەکات، و کاریگەریان دەبێت لە چوارچێوەی پەیوەندییە دووبارەبووەکاندا، کە هەڵسوکەوتی ئەوانی تر فێر دەبێت، لە دۆخی ئەوان خۆی وێنا دەکات، و دەبنە مۆدێلێک، کە تاک لاساییان دەکاتەوە. (حریم، ٢٠٠٩ :٢٠٣)

هەروەها لە کاتی شیکردنەوەی ئەم تیۆرە چوار پرۆسە هەیە، یاخود ئەو پێکهاتانەی کاریگەریان هەیە لەسەر ڕەفتاری چاودێری کراو یاخود تێبینی کراو، ئەوانیش بریتین لە.

١- قۆناغی سەرنج دان یان ئاگاداربوون ( Attention) مەرجی سەرەکی بۆ ڕوودانی فێربوونە، دەبێت کاریگەری خاسیەتەکانی قۆناغی سەرنجدانی مۆدێل یاخود نمونەی لە سەر بێت. وە ئاستی گەشەکردن و پێگەیشتن وهاندان وکاریگەری پێوستیەکان.

٢- قۆناغی هێشتنەوە (Retention) : گرنگی پەیوەندی کردن و جێبەجێکردنی نواندن لە بیرگەدا، بەهۆی قۆناغی هێشتنەوە و فێربوون، دووبارەکردنەوەی نمونەکە یاخود مۆدێلەکە، بۆ دروست کردنی گونجان لە نێوان ڕەفتاری فێرخواز و نمونەکەدا.

٣- قۆناغی دوبارەبوونەوەی بەرهەم هێنان (Reproduction): گرنگی پێدانی گەڕانەوەی فیدباک بۆ ڕاستکردنەوەو دامەزراندنی ڕەفتاری خوازراو، کە پێوستە چاودێریەکی وردی ڕەفتاری بەرهەمهێنان بکرێت لە لایەن مامۆستا یاخود نمونە و مۆدێلەکە (اليماني، ٢٠٠٨ :٦٠)

٤- قۆناغی هاندان (Motivation) :دەبێت هاندان بوونی هەبێت بۆ دەست کەوتن وجێبەجێ کردنی وەلامە بەدەست هاتووەکان، مەرجێکی گرنگیشە بۆ فێربوون لە ڕێگەی چاودێری کردنەوە، گرنگە بۆ هەبوونی قۆناغەکانی تر، سەرنجدان و هێشتنەوە و جێبەجێکردنیان، لەکاتی نەبوونی هاندان، هۆکارە بۆ دەرنەچوون و دەرنەکەوتنی وەلام دانەوەکان. (شیخو، ٢٠١٠ :٢٠١٠)

بەم شێوەیە پێکهاتەی دروست بوونی ئەم تیۆرە وە کاریگەری لەسەر ڕەفتار دیاری دەکرێت، وە جەختیش لەسەر گرنگی کارلێکی کۆمەلایەتی دەکاتەوە، وە پێوەرە کۆمەلایەتیەکان لەچوارچێوەی بارودۆخی کۆمەلایەتی لە ڕودانی فێربوون لەبۆشایی ڕونادات بەڵکو لە زەریای کۆمەلایەتی ڕوودەدات و فێردەبێت، جێگیرکردنی شێوازەکانی ڕەفتارە کۆمەلایەتیەکان و ئەوانی تر بەدەست دێن بە هۆی لاسایی کردنەوە و فێربوون لە ڕێگەی تێبینی کردنەوە. (اليماني، ٢٠٠٨ :٥٧)

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین لە تیۆری فێربونی کۆمەڵایەتییدا، باس لە چۆنیەتی فێربوون و دروست بوونی ڕەفتار دەکات، کە چۆن لە ڕێگەی لاسایی کردنەوە فێری ڕەفتارێکی دیاری کراو دەبین، لە ڕێگەی سەرنجدان وتێبینی کردنی ڕەفتارێک و دواتر دوبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارە کە بینراوە، چۆن دەتوانین لەڕێگەی ئەم تەکنیکانەی ئەم تیۆرە تاکەکان پەروەردە بکەین یان بیانخەینە ژێر کاریگەری بە مەبەستی ئەنجام دانی ڕەفتاری گونجاو پەسەندکردنی بەرهەمی سەوزەوە، سودی ئەم تیۆرەش بۆ تێگەشتن لە خودی ڕەفتاری کۆمەلایەتی وفێربوونی لە ڕێگەی دوبارەبونەوەی بەردەوامەوە دەبێت، لاسایی کردنەوەی بەردەوام ڕەفتار دروست دەکات، هەروەها بوونی هاندەر و پالنەر بۆ ئەنجام دانی ڕەفتارێک، لەم توێژینەوەیەدا کە بە بازارکردنی کۆمەڵایەتییە، مەبەستی گۆڕینی ڕەفتارە، کە چۆن کاریگەری هەیە لەسەر بەکاربەر و بەتایبەتیش بە بەکاربەری سەوزەوە، هەموو تاکێک دەگرێتەوە کە ڕەفتارێک ئەنجام دەدات، بینینی ڕەفتارەکەش و سەرنجدان و بوونی هاندەر بۆ بەکاربەری سەوز گرنگی هەیە و کاریگەری دەبێت لەسەر دروست کردنی ڕەفتارێک یاخود گۆڕینی ڕەفتار بۆ ڕەفتارێکی باشتر و بەسود بۆ تاک وکۆمەلگە.

٢- تیۆری بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی (Social Marketing Theory)

هەردوو زانا ستانلی ودێنس لە سالی ١٩٩٥ز پەرەیاندا بە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تیۆری بازاڕکردنی کۆمەلایەتی، وە چۆنیەتی بەرزکردنەوەی بیرۆکەکان و یاخود برەوپێدانیان، لە لایەن نوخبەوە کە لە کۆمەڵگە دەستیان پێوەگرتوون، بۆ ئەوەی ببنە بەهای کۆمەلایەتی ناسراو، ئەم بیردۆزە لەسەر بنەمای ئامرازی پەیوەندی (کەمپینەکانی میدیا، پەیوەندییە کەسییەکان، پەیوەندییە گشتیەکان، ڕوداوەکان) بۆ

برەو پێدانی بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتی بونیاد نراوە، بە ئامانجی بڵاوبونەوەی بیرۆکە و کاریگەری دروست کردن لەسەر رای گشتی، بۆ گرتنە بەرو ئەنجام دانی رەفتاری گونجاو. (الشهري، ٢٠٠٩ :٥٧)

تیۆری بە بازارکردنی کۆمەڵایەتی دەکرێت وەک درێژکراوەیەکی لۆژیکی بۆ تیۆری قایلکردن و تیۆری بڵاووبونەوە ببینرێت، ئەم تیۆرە ئامانجی دەرخستنی کاریگەری هەڵمەتی میدیایی لەسەر بنەمای زانیاری لە رێگەی تێگەیشتنی قول و چارەسەری کۆمەڵایەتی و فاکتەرە دەرونیەکان زیاد بکات. بۆیە تیۆری بازارکردنی کۆمەڵایەتی هەوڵی ناساندنی ئاستی هەمەچەشنی شێوە کۆمەڵایەتیەکان دەدات، لەگەڵ خستنەرووی بەربەستە دەرونیەکان بۆ لێشاو کاریگەری زانیاری لە رێگەی میدیاوە، لە خۆگرتنی ستراتیژەکان بۆ زاڵبوون بەسەریاندا. (شميس، ٢٠١٦ :٢٥٦)

لە لایەکی ترەوە ئەم تیۆرە هەوڵدەدات لەرێگەی بەکارهێنانی میدیا، کاریگەری لەسەر خەلک دروست بکات، لەگەڵ گرتنە بەری ئەو رێ وشوێنانەی کە گونجاون جێگەی قبول کردنی کۆمەلگەن، بە ئامانجی دروست کردنی گۆرانکاری لەو رەفتارانەی کە زیانیان هەیە بۆ کۆمەلگە، وگۆرینیان بۆ رفتاری گونجاو لە بەرژەوەندی کۆمەلگەدا.

لە تایبەتمەندیەکانی ئەم تیۆرەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١_ دروستکردنی هۆشیاری جەماوەری. کاتێک پێوستیت بە برەو پێدانی هەر بیرۆکەیەک یاخود کەسێک یان رەفتارێکی نوێ، یەکەم هەنگاویش دروست کردنی هۆشیارییە، کاتێک کەسێک یاخود چەمکێکی نوێ بوونی هەیە، هۆشیاری دروست دەبێت لە ئەنجامی بەکارهێنانی هەموو کەناڵە بەردەستەکانی وەک میدیای هەواڵ و تەنانەت ئینتەرنێتیش، یەکێکیش لە ئاسانترین رێگاکان بۆ دروستکردنی هۆشیاری ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بەهێز لە رێگەی جیاوازەوە کەمپین بکرێت، بەڵام کێشەکەش لەوەدایە تێچوی زۆرە، بەڵام دەستگەیشتنە بە جەماوەرێکی فراوان. (ممدوح،٢٠٢٠)

٢_ بەهێزکردنی پەیامەکانی میدیا لەگەڵ پەیوەندییە کەسییەکان، بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر بە ئامانج گرتنی بینەر لە رێگەی پەیوەندی راستەوخۆ وە (سەردانەکان، گفتوگۆ ئەرێنیەکان ...) هەروەها پیشاندان و بەردەوام بوونی پەیامی پەیوەندییەکان لە میدیای پەیوەندیدا.

٣_ پێکهێنان و دروست کردنی وێنەیەکی ئەقلی گرێدراو بە بەرژەوەندی جەماوەرەوە. وروژاندن لە رێگەی گرنگی جەماوەر بە بیرۆکە نوێیەکان، لە رێگەی دروست کردنی وێنەیەکی هزری بەهۆی زانیاری یاخود بیرۆکەکانەوە، وەگرێدانیان بە بەرژەوەندی جەمارەوە، جا چ ئابوری بێت یاخود کۆمەڵایەتی یان کەسی.(عبدالحميد، ٢٠١٠: ٣٧٢)

٤_ پتەوکردن و جێگیرکردنی پەیامەکە. کاتێک خەڵک یەکەم جار پەیامێکی نوی وەردەگرن، دەیانەوێ بە ئاسانی لە بیری بکەن، بۆیە لە نێو تیۆری بازارکردنی کۆمەڵایەتیدا پێویستە پەیامەکە بەهێز بکرێت بەهۆی دڵنیابوون لە شێوەی دوبارەبونەوە، و رووبەروی تاکەکان بکرێتەوە لە رێگەی میدیا جیاوازەکانەوە وە برەودان لە رێگەی میدیای جۆراوجۆر.

٥_ چاندنی وێنە هزریە کارتێکەرەکان بۆ خەلک، لە تیۆری بازارکردنی کۆمەڵایەتی خەلک گرنگی بە کەسێک ئەدات یان بەرهەم وخزمەتگوزاریەک کە برەوی پێدراوە، لە کاتێکدا هیچ گرنگیەکی ئەوتۆ بە دوای ئەو زانیاریانە نادات، لە سیناریۆیەکی ئەوهادا ریکلامی وێنە بەکاردێت ئەو وێنانەش بەئاسانی دەناسرێنەوە ئاسانن بۆ تێگەیشتن. (ممدوح، ٢٠٢٠)

٦_ رێگەکانی هاندان بۆ بریاردان و هەلویستی خوازراو. پەیامەکانی میدیا دەتوانرێ بگوازرێنەوە لە رێگەی کەناڵە جۆربەجۆرەکانەوە جەخت لەسەر بەهایەکی پەسەندکراو بکرێتەوە، بژاردەیەک لە بەرهەم یاخود خزمەتگوزاری یان کاندیدیک کە پەیوەستە بەئەوانی ترەوە.

٧_ رێگاکانی چالاککرنی جەماوەر بە تایبەت ئەوانەی کراونەتە ئامانج لە لایەن کەمپینەکانەوە، دەکرێت تاکتیکی جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت بۆ هاندانی خەلک، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وشتومەکی بە خۆڕایی، بە شێوازێکی سەرکەوتوو. (شميس، ٢٠١٦ :٢٥٨)

ئەم تیۆرە لەسەر ئەو بنەمایانە کاریگەری دروست ئەکات لەسەر تاکەکان وە چۆنیەتی دروست کردنی وێنەیەکی هزری بۆ بیرۆکەو رەفتارێکی گونجاو بەسود بۆ کۆمەلگە، هەروەها برەو پێدان، لە رێگەی بەکارهێنانی میدیا جۆراوجۆرەکان، و لەرێگەی پەیوەندی کردن بە کۆمەلگەوە.

بەپێی تیۆری بازارکردنی کۆمەڵایەتی میدیا هۆشیاری گشتی بەرزدەکاتەوە لە رێگەی کەمپینەکانی راگەیاندنەوە بە ئامانجی چرکردنەوەی مەعریفە بۆ گۆرینی رەفتار لە رێگەی زیادکردنی زانیاری، کاریگەری دروست کردن بۆ بەئامانج کردنی جەماوەر، پشتگیری کردنی پەیامەکانی راگەیاندن، بەردەوام بوونی خستنەرووی لەرێگەی میدیاوە، کاتێک جەماوەر گرنگی بە وێنە هزرییە ئەدات لە رێگەی زانیاری و هزرەکانەوە، پێکهاتە و بەستنەوەی پەیامەکە بە بەرژەوەندیەکانی کۆمەلگە، دواتر دیزاینکردنی پەیامی نوێ بۆ گەیشتن بە ئەنجامی رەفتارە دیاری کراوەکان. (العيساوی، ٢٠١٧)

تیۆری بە بازارکردنی کۆمەڵایەتی پەیوەندی وخالی بەهێزی لەگەل ئەم توێژینەوەیەدا هەیە چۆن بەرهەمی سەوز برەو پێدەدەین و بەرز راگرین، بە بازارکردنی کۆمەلایەتیش بەبێ بوونی ئامرازی پەیوەندی و راگەیاندنی باش سەرکەوتوو نابێت، لە رێگەی تەکنیکەکانی گەیشتن بە خەلک و کاریگەری دروست کردن لەسەریان، هەروەها بوونی کەمپینی بەهێز، کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گۆرینی رەفتارو ئاراستەکردنی خەلک بەرەو رەفتار و کردارێکی گونجاو، وە دورکەوتنەوە لەو رەفتارانەی کە زیانیان بۆ ژیان و سەلامەتی و ئاسایشی تاک وکۆمەلگە دەگەیەنێت، چۆنیەتی دروست کردنی وێنەیەکی هزری لەسەر بەرهەمی سەوز بەمەبەستی دروست کردنی هۆشیاری ودەست گەیشتن بەجەماوەر لەرێگەی میدیاوە چۆنیەتی گەیاندنی پەیام بۆ تاکەکانی کۆمەلگەوە، لە پێناو مانەوەی مرۆڤ وسەلامەتی ژینگە دەبێت بەرهەمی سەوز بەکاربهێنرێت،ئەم وێنەیەش لە بیری خەلک بچەسپێنرێت، لەگەل چالاککردن و برەو پێدان و دروست کردنی پالنەر بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر خەلک و ئەنجام دانی رەفتاری سەوز، کە پەسەندە لە لایەن کۆمەلگەوە، دورکەوتنەوە لە رەفتارە زیانبەخشەکان، بە قازانج و سودی کۆمەلگە بە گشتی ئەم تیۆرە شیکردنەوەی پێکهاتەکانی بە بازارکردنی کۆمەڵایەتی و ئاستی کاریگەری وشێوازەکانی روون دەکاتەوە، لە رێگەی ئەم ستراتیژییانەی خوارەوەدا:

### ٢-١ تێکەلاوی بە بازارکردنی کۆمەڵایەتی:

تێکەلاوی بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی وەکوو ستراتیژیەک لە کۆمەڵێک ئامراز و پێکهاتەی گرنگ بۆ بەبازارکردن لە هەردوو بواری بازرگانی و کۆمەڵایەتی پێکدێت، کە وەکو ستراتیژیەتێکی بەهێزو گرنگ رۆڵ دەبینن لەسەر خستنی هەر پرۆژەو

بیرۆکەیەک کە پێویستە کاری لەسەر بکرێت، بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری بەکاربەر لە هەموو بوارەکان، لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات باس لەو ستراتیژو توخمانە بکات کە تێکەلاوی بە بازاریکردنی کۆمەڵایەتی پێکدێنن وگرنگیان هەیە بۆ ئەم توێژینەوەیە، لەوانە:

٢-١-١ بەرهەمی کۆمەڵایەتی:

بەرهەم لە بە بازارکردنی کۆمەلایەتی هەموو ئەوەی دەمانەوێ کە خەلک بیزانێت یان هەڵوێستێکی دیاری کراو یاخود ڕێگەی گرتنەبەری خەلکە بۆ شتێک، وە لەوانەشە بەرهەم ئاماژە بێت بۆ بیرۆکەیەک پەیوەستە بە جگەرەکێشان، یان ماددە بێهۆشکەرەکان، دەکرێ جۆرە کەلوپەلێک بێت وەکو خۆراکی تەندروستی دیاری کراو یان حەبی ڕێگری کردن لە دووگیان بوون گرنگترین تایبەتمەندیەکانی بەرهەمەکەش ئەوەیە کە دەبێ بگونجێت لەگەڵ بەهاو ڕەفتارەکان و پێداویستیەکان، وە پێویستە بەئامانج گیراوەکان تێبگەن لە گرنگی ئەو پەیامەی کە قسەی لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی پێویستیەکانیان بۆ ڕوون بێتەوە. ( Dnovan&Henley, 2010:318)

لە بەبازارکردنی کۆمەڵایەتیش بەرهەم پێکدێت لە بیرۆکەکان و ئاراستەکان، وە ئەو ڕەفتارەی کە بازارکەر حەزی لێیە و خزمەتگوزارییەکانیش دەگرێتەوە، وە هەندێ جاریش ڕێکخراوەکان هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە دەبەستنەوە بە ڕەفتاری تاکەکان، بەرهەمی ماددی وادەکات کە بەرهەمەکان زیاتر سەرنج ڕاکێش بن وە ئەمەش هەوڵێکی تری بەبازاریکردنە. (البكري، ٢٠٠٧: ١٣)

یەکەم پێکهاتە و توخمی تێکەڵاوی بە بازاریکردنی کۆمەلایەتیش، بەرهەمی کۆمەڵایەتیە، کە بیرۆکەکان و خزمەتگوزریەکان دەگرێتەوە، هەروەها هەموو ئەو ئامراز و شتە بەرجەستانەش دەگرێتەوە کە بەکاردێن لە بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بەکاربەر، گرنگی و کاریگەری زۆریشی هەیە لەسەرخستنی هەڵمەتەکانی بەبازاڕیکردنی کۆمەڵایەتی.

٢-١-٢ نرخی کۆمەڵایەتی:

نرخ لە تێکەلاوی بەبازارکردن ئەو بەشەیە کە زۆر گرنگی پێنەدراوە وەکو خۆی لە ستراتیژیەتی بە بازاڕیکردنی کۆمەلایەتیدا لە شێوازی بە بازاڕیکردنی کلاسیکی کۆن وای دادەنێ کە نرخ لە سودە تێچووەکانە وە دەست نیشانکردنی خەلک لە تێوەگلان لە ڕەفتارە باشەکان یان وەستاندنی ئەو بارودۆخە وە زۆریش پێداگیری دەکرێ لەسەر گرنگی گۆڕینی سودەکانی ڕێژەیی وە تێچووەکانی ڕەفتارە نوێیەکان. لە قۆناغی نوێدا هەریەک لە دونوفان وهینلی (٢٠٠٣) وە هاستینگەر لە (٢٠٠٧) و کۆتلەرو ولی لە (٢٠٠٨) گرنگیان پێداوە. ( Lefebvre, 2013: 325)

هەروەها لە بواری بە بازارکردنی کۆمەڵایەتی کە نرخی خزمەتگوزاری و تێچووەکان دەگرێتەوە لە ڕووی ماددی یاخود تێچوی کات. بەو مانایەش دێت کە چەند بەکاردێت بۆ بەدەست هێنانی ئەو خزمەتە، واتە لایەنی ئاستی خزمەت و جۆرێتیەکەی و لایەنی باشی کارکردن بۆی، وە دەکرێ نرخ یان تەمەن لە بە بازارکردنی کۆمەڵایەتی ئەوەبێت کە دەبێت بەدەست بهێنرێت یان وازی لێ بهێنرێت لە لایەن جەماوەرو کۆمەڵگەوە. (البكري، ٢٠٠٧: ١٣)

٢-١-٣ شوێنی کۆمەڵایەتی:

هەروەها شوێنی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەیەکە یان ئەو توخمەیە پەیوەستە بە چۆنیەتی یاخود ئەو ڕێگەیە کە پێیدا بەرهەمەکە دەگەیەنرێت بە ئامانج گیراوەکە بۆ لایەنە دیاریکراوەکان، جا ئەو لایەنانە چ تاکەکان بن یاخود کۆمەڵە و ڕێکخراو بن، تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگەش هەمووی بێت. گرنگی شوێن خۆی لە دابەشکردنی لە سەر بڕیارەکانی پەیوەست بە دەرچەکانی دابەشکردنی گونجاو بۆ شوێنە بە ئامانج گیراوەکان دەبینێتەوە، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە پرۆسەی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکان و تێگەیشتنە لە بەکارهێنانی هۆکاری پێویست بۆ گەیاندنی بیرۆکەکە. (عبیدات،٢٠٠٣: ٤٣)

کەواتە دەتوانین بڵێین شوێن لە بە بازارکردنی کۆمەڵایەتی، ئەو شوێنەیە کە دەتوانرێ ئەو خزمەتگوزارییانەی لێ هەبێت وەکو فێرکاری و چارەسەری، لەوانەیە نەخۆشخانەیەکی ناوخۆی بێت یاخود نۆرینگە یاخود ئەو شوێنانەی کە کاری بەرفراوان ومەیدانی تێدا دەکرێت، دەگرێتەوە. کەواتە شوێن پەیوەستە بە جموجۆلی جەماوەری بە ئامانج گیراوەوە. (الزعبي، ٢٠١٦: ١٦٢)

هەروەها شوێن توخمێکی گرنگە لە تێکەڵاوی بە بازارکردن، ئەو کەسانەی پرۆژە و بەرنامەیان هەیە، زۆر گرنگە بزانرێت چ کەناڵ وشوێنێک هەڵدەبژێرن بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بۆ گەیاندنی بیرۆکە کۆمەڵایەتیەکانیان، بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، یاخود ئەو شوێنەی کە خزمەتگوزاری دەگەیەنرێتە تاکەکان، کاریگەریان زۆرە لەسەرخستنی پرۆژەی بە بازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی گۆڕین و دروست کردنی کاریگەری لەسەر تاکەکان بە لایەنی ئیجابی.

٢-١-٤ برەوپێدانی کۆمەڵایەتی:

برەوپێدان بریتیە لە کۆمەڵێک لە چالاکی کە دەبێتە هۆی دروست کردنی ژینگەیەکی لەبار و هۆشیاری بۆ بەرهەمەکە، وە تێکەلاوی برەوپێدان ئەوەشی دەگرێتەوە کە ڕیکلام کردن بۆ فرۆشراوەکان و بایەخدان و پروپاگەندە بۆ کردن پەیوەندیە گشتیەکان و وە ڕیکلامی ئازاد بۆ فرۆشتنیش دەگرێتەوە، جگە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ناوەخۆش لەخۆ دەگرێت. کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەروازە و دەرچەیەکن بۆ فرۆشتنی کاڵاکان بۆ دوکان وبازار و ئەو شوێنانەی شتومەکیان لێ دەفرۆشرێ (Dnovan&Henley, 2010:311)

ئەمەش لەڕێگەی تەکنیک و ئامرازەکانی برەوپێدان، برەو بەو بیرۆکەو کاڵایانە دەدرێت کە جەماوەرێک بە ئامانج گیراون بە مەبەستی دروست کردنی کاریگەری و گۆڕینی ڕەفتاری تاکەکان.

هەروەها یەکێک لەبوارەکانیش کە دەکرێت وا سەیر بکرێت لە لایەن فرۆشیارە کۆمەڵایەتیەکان زیاتر، ئەویش (برەودان بۆ فرۆشیارەکان) لە کاتێکدا مەبەست لە ڕاگەیاندن وڕێگەکانی پەیوەندی تر بۆ کاریگەری خستنەسەر بە پلەی یەکەم لەسەر بیروباوەڕەکان و شوێنەکانەوەیە، وە ئامانج لە ئۆفەرەکانی برەودانیش بۆ فرۆشراوەکان کارکردنە لەسەر ڕەفتارەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ماوەی پێشکەش کردنی نمونەیەکی بەخۆڕایی یان کەم کردنەوە یان دیاری ئۆفەرەکانی فرۆشراوەکانیان و برەودانیان. ئامانجیش لێی، دروست کردنی پرۆسەیەکی فرۆشتنی مەبەستدارە لە کاتێکی زودا. (الزعبي، ٢٠١٦ :٩٢)

٢-٢ بەکاربەری سەوز:

ئەو سیستەمە ژینگەییەی کە بوونی هەیە، کاریگەری خراپی لەسەر هەسارەی زەوی هەیە. کۆمەڵێک ڕەفتار هەن کە بەکاربەرانی پاڵپشتی ژینگە ئەنجامی دەدەن، بەو ڕەفتارانەش دەوترێت ڕەفتاری بەکاربەری سەوز، کە بارودۆخ بەرژەوەندی وکێشەی ژینگە لە لایەنەوە گرنگە، وایان لە کۆمپانیاکانیش کردووە سیاسەتەکانیان

دیزاین و دابڕێژنەوە، بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەل سەلامەتی ژینگە، هەروەها هەڵسوکەوتی بەکاربەری سەوزیش بریتیە لە ڕەفتارێک کە تیایدا بەکارهێنەرەکان لە هۆکار و ترسەکان تێدەگەن کە گەیشتوونەتە ئە دەرئەنجامەی کە پەیوەندیدارن بەو هۆکارو ڕێککارانە کە وایانکردووە پێکهاتەی ژینگەیی بڕوخێت. لە ئەنجامدا بووەتە هۆی دروست بوونی نایەکسانی ژینگەیی. (Malyan&Duhan, 2019: 68)

ئەو خێراییە گەشەکردنەی لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، و کولتوورییەوە بە تایبەتی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا. هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی پەروەردە و زیادبوونی هۆشیاری بەکاربەرە بەپێی زیادبوونی ئاستی خۆشگوزەرانی. دوای ئەمەش رەفتارەکانی بەکاربەرە گۆڕانکاری ڕوونی نیشانداوە لەم ساڵانەی دواییدا. بەتاتیبەتیش هەڵسووکەوتەکانی کڕین لە لای بەکاربەران لەو چەند سالەی ڕابردوودا. لە هەمان کاتیشدا، هەڵسوکەوتی کڕینی سەوز چەند پەیامێک دەدات دەربارەی هەڵوێستی بەکارهێنەران بەرامبەر کۆمپانیا و بەرهەمەکانیان. چونکە بەکارهێنەری ئەم ڕۆژگارە دوودڵن دەربارەی تێکدانی سروشت وتەندروستی خۆیان و خێزانەکانیان و بۆیە دەستیان کردووە بە کارکردن لەڕێگەی کڕینی ئەو بەرهەمانەی کە وەک"سەوز" ڕەچاودەکرێن. (Kirgiz,2016:63)

هەروەها بەکاربەرە سەوزەکانیش بەمەش ناسراون کە "ئەو کەسانەن بۆ کڕینی ئەو بەرهەمانەی کە دەکرێت لە ناو خاکدا شیببنەوەوە دەکرێت دووبارە بەکاربهێنرێنەوە وە سەلامەتن بۆ کارکردن.

بۆیە لەم پێناسەیەدا سەیری چەق دەکرێت کە بەکارهێنەر لە کاتی کڕینی بەرهەمێکدا سەیری ئەو تایبەتمەندیانە دەکات کە پەیوەندیان هەیە بە سووڕی ژیانی بەرهەمەکەوە، وەکو سرووشتی بەرهەمە بەکارهاتووەکان و جۆریەتیان و گونجانیان لەگەڵ سیفەتەکانی سروشت، وە نابێت مەترسیدار بێت یان ببێتە هۆکاری پیسبوونی ژینگەیی، سەرەڕای ئەمەش، بەرگی بەرهەمەکە و بەرهەمەکە خۆی دەبێت دووبارە بەکاربهێنرێتەوە یان لە ناو گڵدا شی ببێتەوە بەبێ زیان گەیاندن بە سروشتەکەوە. (البكري وشراونة، ٢٠١٥: ٥٧)

بەرزکردنەوەی هۆشیاریش لە کێشە ژینگەییە جیهانیەکانن وەک گۆڕانی کەش و هەوا، کەمبوونی ئاو، پیسبوونی هەوا، و بەکارهێنانی مادده کیمیاییە ژەهراویەکان هەندێکیان جەخت دەکەنەوە لەسەر هێزی کڕینەکەی و کۆمپانیاکانیش لەگەڵ بەرنامە بەردەوامەکانیاندا بە بینینی پێداویستی کڕیارەکان وەڵام دەدەنەوە. (والمارت) کاریگەرترین کۆمپانیا بووە لە لێخوڕینی گەشەسەندنی بەرهەمە بەردەوامەکان، داوا لە دابینکەرەکان دەکات کە کارتی تۆمار تەواو بکەن کە پێوانەی ئەدای بەردەوامبوونیان دەکات، وە بەردەوام بەدوای بەرهەمی سەوزتر دەگەڕێن بۆ کۆگاکانیان. ( Lannuzzi, 2012: 184)

٣-٢ بەرزکردنەوەی بەرهەمی سەوز:

بەرزکردنەوە و بە بازاڕکردنی سەوز ئەو ئامرازی پەیوەندیکردن و تەکنیکانەیە کە کۆمپانیا بەکاریدەهێنێت لە بە بەبازاڕکردنی بەرهەمەکان و فرۆشتنی، زۆر ڕێگا هەیە بۆ گەیاندنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا هەروەها سودەکانی، بەڵام براندی بازرگانی بەردی بناغەی پلاتفۆرمی پەیوەندیەکانە، بازاری سەوزیش بە هەمان شێوە بریتییە لە بەرزکردنەوە و بە بازاڕکردنی کەلوپەل و کارە بازرگانیەکان و بە سەوز کردنی،کە ئامانجی دروستکردنی پردێکە لە نێوان بازرگانی و کۆمەڵگادا، هەندێکجاریش پێویستی بە پەیوەندی گشتی بەرفراوان دەبێت. هەروەها ریکلام کردن بۆ بەرهەمەکان و پشاندانی تایبەتمەندیەکانی و نرخەکەی ئەو ئامانجانەن کە ریکلامی سەوز دەتوانێت بە دەستی بهێنێت. (Malyan&Duhan, 2019: 173 174)

هەرەها بەرزکردنەوەی سەوز (ترویج ) کە بنەمای دیالۆگی کارلێککردنە لە نێوان دامەزراوە و کڕیارەکانی لە ماوەی خولی ژیانی بەرهەمە وە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بەرزکردنەوەی سەوز تیشک ناخاتە سەر لایەنی قازانج بە تەنها، بەڵکو لەوە دورتر دەڕوات بەرەو چۆنیەتی قایلکردنی بەکاربەر بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ژینگە پێشکەشی دەکات بەو شێوەیە بەکاربەر رازی دەکات و وای لێدەکات کە دلسۆز بێت. ( البكري و الشراونة، ٢٠١٤: ٤٢ )

ناساندنی بەکاربەرانیش بە کاڵا و خزمەتگوزارییە نوێکان و دابینکردنی زانیاری پێویست لە بارەیانەوە، بیرخستنەوەی بەکارهێنەران بە شتومەک و خزمەتگوزاریەکان لە بازاڕ ڕێنوێنی کردنی بەکارهێنەران لەسەر چۆنیەتی گەیشتن بە کاڵا و خزمەتگوزاریەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان، و گۆڕینی بۆچوون و ئاراستە نەرێنییەکانی بەکاربەرانی ئامانجکراو بۆ بۆچوون و ئاراستەی ئەرێنیی، قایلکردنی بەکاربەرانی ئامانجکراو بە سوود و قازانجی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانیان وە ڕووبەڕووبونەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتە بەرزکراوەکان و بە بازارکردنەکانی ڕکابەرەکان. (كافي، ٢٠١٤: ١٦٩)

لەگرنگترینیشیان ڕیکلامە چونکە ڕیکلام (بانگەشە) دەتوانێت بگاتە ژمارەیەکی زۆر لە کڕیارەکان سەرەڕای دووری مەودای جوگرافییان. وێڕایی ئەوەش، بەرهەمەکە یان فرۆشیارەکە دەتوانێت پەیامەکە دووبارە بکاتەوە، ڕیکلام کردنیش بە شێوازێکی بەرزکەرەوەی نادیار دادەنرێت کە بڕەکەی دراوە بە شێوەیەک کە زانیاری دەربارەی کۆمپانیاکە و بەرهەمەکانی دابینکراوە بۆ بە ئامانجگرتنی کڕیارەکان لە ڕێگەی میدیای جۆراوجۆرەوە وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و ئیمەیڵی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی تۆڕی زانیاری جیهانییەوە، بە هۆی ئەو نەرمییە زۆرەی کە ڕیکلام هەیەتی دەتوانێت بگاتە ژمارەیەکی زۆر لە کڕیارەکان. (البكري و النوری، ١٤٨:)

ئامانجش دروستکردنی وێنەیەکی مەعنەوی پۆزەتیڤە بۆ وێنەی دامەزراوەکە کە بەشێوەیەکی ئیجابیانە لەسەر بەرهەمەکە ڕەنگدەداتەوە. وە لێرەدا دەتوانین پێناسەی بەرزکردنەوەش بکەین بەوەی هەموو ئەو پرۆسە ئیدارییانەیە کە بنەمای دیالۆگ و کارلێکن لەگەڵ بەکاربەرە ئامانجکراوەکان، بە مەبەستی ڕێکخستن و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی زنجیرەیەک پەیام کە ئاراستەی گرووپ و کۆمەڵە جیاوازەکانیان دەکرێت بەرەو دروستکردنی شوێن و پێگەیەک بۆ دامەزراوەکە لە مێشکیاندا. ( البكري و الشراونة، ٢٠١٤: ٤٣ )

ئەنجامەکانی توێژینەوە:

بەپێی ئەو زانیارییە زانستیانەی کە لە تیۆرەکان وباسەکاندا خراوەتە ڕوو دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- فێربوونی کۆمەلایەتی دەبێتە هۆی، وەرگرتنی ڕەفتار، بە هۆی چاولێکردنەوە، تاک ئەو ڕەفتارە دووبارە دەکاتەوە، کە دەیبینێت، دەکەوێتە بەر هەستەکانی مرۆڤەوە، لەڕیگەی فێربوونەوە، دەتوانین تاکیک دروست بکات کە ئەو شتانە بەکاربهێنێت کە سودی بۆ مرۆڤ وژینگە هەیە.

٢- ستراتیژەکانی بە بازارکردنی کۆمەلایەتی و کاریگەریان لەسەر بەکاربەری سەوز بە هۆی نرخ وبرەودان بە بیرۆکەی سەوز دەبێتە هۆی وەرگرتنی لە لایەن بەکاربەرەکانەوە.

٣- دروست کردنی وێنەیەکی هزری کاریگەر لە مێشکی جەماوەر بە هۆی تیۆری بە بازارکردنی کۆمەلایەتی و کاریگەری هەیە لەسەر برەودان بە ڕەفتارێکی پەسەندکراو.

٤- لە ڕێگەی میدیاوە بە تایبەتی ڕیکلام،دەتوانین بەرهەمی سەوز بەرز بکرێتەوە، وبەکاربەران ڕازی بکرێن کە بەرهەمی سەوز بەکاربهێنن.

پێشنیازەکانی توێژینەوە:

١- پێویستە پەرلەمانی کوردستان کۆمەلە یاسایەک دەربکات بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان وە قەدەغەکردنی ئەو کەلوپەلە زیان بەخشانەی کە بۆ مرۆڤ وژینگە خراپن.

٢- پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و بەشێوەیەکی گشتی و وەزارەتی دارایی بەتایبەتی هەڵبستن بە دەرکردنی ڕێنمایی بۆ هەلگرتن یاخود کەم کردنەوەی باج لەسەر ئەو بەرهەمە سەوزانەی دۆستی ژینگە و مرۆڤن، پالپشتی کردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە گرنگی وبایەخ بە بەرهەمی سەوز دەدەن.

٣- پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەلمەتی بەبازارکردنی کۆمەلایەتی بۆ بەرهەمی سەوز بکەن، چاودێری ورد لەسەر ئەو کەنال وئامرازانەی برەو بە بەرهەمی دژە مرۆڤ وژینگە دەدەن و قەدەغەیان بکەن.

٤- بۆ ڕێکخراوە ژینگە دۆستەکان ورێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی،گرنگی و بایەخ بدەن بۆ بلاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر ئەو بەرهەمانەی خەلک بەکاریدەهێنێت، دوورکەوتنەوە لە هەر بەرهەمێک کە دۆستی ژینگە نین و زیان بە مرۆڤ دەگەیێنێت

پەراوێزەکان

ئەم پەیپەرە، بەشێکە لە نامەی ماستەری قوتابی ولید توفیق ملا، بە ناونیشانی کاریگەری بە بازارکردنی کۆمەلایەتی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە مۆلەکانی شاری هەولێر. بەسەرپەرشتیی پ. ی. د. هەتاوکریم خضر (لە بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر).

سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

١ العبدلی، عبید سعد (٢٠١١) قاموس التسويق. الرياض: مكتبة ملك فهد الوطنية للنشر.

٢- الزعبي، علي فلاح مفلح (٢٠١٦)، التسويق الاجتماعي مدخل معاصر، الامارات: دار الكتاب الجامعي

٣- البكري، ثامر والنوري، احمد نزار (٢٠١٣)، التسويق الاخظر. عمان: دار اليازوري

٤- اليماني، عبدالكريم على (٢٠٠٨)، استراتيجيات التعلم والتعليم. عمان: زمزم ناشرون وموزعون للنشر.

٥- الظاهر، احمد قحطان (٢٠٠٤)، تعديل السلوك. ط٢. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.

٦-- البكرى، ثامر ياسر (٢٠١٧)، استراتيجيات التسويق الاخضر. عمان: دار امجد للنشر والتوزيع.

٧-الفيروزآبادى، مجد الدئن ابو طاهر(٢٠٠٥)، القاموس المحيط. موسسة الرسالة للنشر والطباعة. بيروت ،لبنان.

٨-البكرى، ثامر ياسر و الشراونة، هديل اسماعيل (٢٠١٤)، المزيج التسويقى الاخضر والطاقة المتجددة. عمان: دار امجد للنشر والتوزيع.

٩- اليمانى، غادة عبدالتواب (٢٠١٥)، التسويق المعاصر وفن الاتصال للجماهر. دار المعرفة الجامعية للنشر

١٠- البكرى، فؤادة عبدالمنعم (٢٠٠٧)، التسويق الاجتماعى والتخطيط الحملات الاعلامية. قاهرة: عالم الكتب للنشر والتوزيع.

١١- النسور، اياد عبد الفتاح وفايت، عادل محمد (٢٠١٨)، مبادئ التسويق الحديث. الرياض: دار الصفاء للنشر والتوزيع

١٢-حريم، حسين (٢٠٠٩)، السلوك التنظيمي- سلوك الافراد والجماعات فى منظمات الاعمال. عمان: ط٢. دار الحامد للنشر.

١٣-كافي، مصطفى يوسف (٢٠١٤)، فلسفة التسويق الاخظر. عمان، مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع

١٤-عبيدات، محمد ابراهيم (٢٠٠١)، سلوك المستهلک – مدخل استراتيجى. ط٣. عمان: دار وائل للنشر. الاردن.

١٥-عمر، أيمن على (٢٠٠٦)، سلوك المستهلک الاسكندرية: دار الجامعية للنشر.

١٦-سوفيان، عصانى (٢٠١٨)، مدى فاعلية حملات التسويق الاجتماعى فى توعية الجمهور بالصحة العامة – دراسة الميدانية على سكان ولايه سطيف. جامعة فرحات عباس. اطروحة دكتورا غير منشوره.

١٧-. شيخو، سهاد احمد (٢٠١٠)، التنمط الجنسى وعلاقته بالتوافق النفسى والاجتماعى لدى الاطفال فاقد الاب، جامعه السليمانية. رساله ماجستير غير منشورة

١٨-هاجر،عبدالدائم، راضية بولقرون(٢٠٢٠)، التسويق الاخضر كالية المستهلک الاخضر.مجله الدراسات الاقصادية المعاصرة. مجلد. ٥: العدد ١. ص. ١٥٤-١٦٧.

١٩-عبدالحميد، محمد (٢٠٠٤)، نظرية الاعلام واتجاهات التاثير. ط٣. القاهره: دار العالم الكتب للنشر.

٢٠- عبيدات، محمد ابراهيم (٢٠٠٤)، التسويق الاجتماعي الاخضر والبيئي. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع

٢١. - شميس، مروه مصطفى (٢٠١٦)، الاتجاهات الاساسية فى نظرية التسويق الاجتماعى .مجلة العلمية لبحوث العلاقات العامة والاعلان. جامعه القاهرة. العدد٥، ص: ٢٩٩_٢٢٣.

دووەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

22-. Armstrong, Gary & Philip Kotler (2013) Marketing an introduction. (11th ed). Published: Prentice Hall

23-Kirgiz, Ayla Can (2016) Green Marketing A Case Study of The Sub Industry in Turkey. Palgrave Macmillan Published

24-Lannuzzi, Al (2012) Green Product the Marketing of Sustainable Brand, By Taylor Fancies Group

25- Ayvaz, Ibrahim (2017) Social Marketing and Its Moral Dimensions. Turkey: Kocaeli University. Turkish Journal of Business and Ethics. 9(2): 271-281.

26- Dnovan, Rob& Henly, Nadine (2010) Principles and Practice of Social Marketing. New York: Published by University of Cambridge

27- Lefebvre, R. Craig (2013) Social Marketing and Social Change. United States of America: Published By: Jossey-Bass.

28-Malyan, Ruchika Singh &Duhan, Punita (2019) Green Consumerism Perspective suitability and behavior. Canada, apple academic press.

29- Hornby, M.S. (2015) Oxford Advanced Learner's Dictionary. London: Publisher: Oxford University Press.

30- Lefebvre, R. Craig (2013) Social Marketing and Social Change. United States of America: Published By: Jossey-Bass

سێیەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:

31- العيساوى، نجم (٢٠١٧) نظرية تسويق الاجتماعى. الكويت: الاعلام والعلاقات العامة. متاح على الموقع الالكتروني التاليفي 2022/1/17. .Https://Najmaleessawi.Blogspot.Com/2017/01/Blog-Pos

32- ممدوح (٢٠٢٠) نظرية تسويق الاجتماعى. مجمة بزنس. متاح على الموقع الالكتروني التالي في 1/16/ 2022. Https://Selfedev.Com

TITLE OF PAPER

The analyzing effect of Social Marketing on Green Consumer.

Analyst. Waleed Tawfeeq Mulla.
Department of Sociology College of Arts, Salahuddin University,
waleed.sociologist@gmail.com

Assist Prof. Dr. Hataw Kareem Khidir
Erbil Polytechnic university, Scientific Research Canter
hataw.khidir@epu.edu.iq

Abstract.

In the Kurdistan region, many people have got diseases because of using such products that disadvantage the people and society and it has made an environmental and healthy crisis. The purpose of this research is to show the theories and the strategies of social marketing on green consumers and promote these products that don't harm the people and environment which makes affects the individuals through the theories and the strategic effects to do the right behavior in the society. This research aims to identify the effects of theories on green consumers. Learning and how to behave are the main purposes of this research. Do the theories that relate to social marketing and its strategy affect green consumers? Moreover, promote and increase those things which have no disadvantages to the people and the environment. The significance of social marketing as a way of developing social opinions which benefit society. Social marketing makes some effects on the individual society through a tool and strategies.

The most important recommendations we make to the authorities, parliament and relevant ministries are to lift taxes on green products and pay attention to companies that pay attention to green products, and the media channels to pay attention to social marketing campaigns to influence green consumers.